
بارزانی بەشداری لە لووتکەی جیهانیی حکوومەتەکان لە دوبەی دەکات



مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیران ، لە دوبەی، بەشداریی لە لووتکەی جیهانیی حکومەتەکان دەکات و لەگەڵ چەندان سەرکردە و بەرپرسی وڵاتان کۆ دەبێتەوە.

حکوومەتی هەرێم لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە" سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی، بە سەرکایەتیی شاندێکی حکومی، بەرەو ئیمارات بۆ ئەو کۆبوونەوە، بۆ بەشداریی لە لووتکەی جیهانیی حکوومەتەکان."

هەروەها لەو ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش کراوە کە شاندی یاوەری بارزانی هەریەکە لە قوباد تالەبانی، جێگری سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و ئومێد سەباح، سەرکی دیوانی ئینجووومەنی وەزیران و ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئینجووومەنی وەزیران دەبێت.

لەو ڕاگەیەندراوەکەدا ئاوەش خراوەتە ڕوو "لەم دیدارانەدا، گفتوگۆ، لەبارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵات و لایەنە بەشداربووەکانی لووتکەکە و فراوانکردنی ئاسۆی

هاریکاریی هاوبەش، بە تایبەتی لە بوارەکانی ئابووری و وەبەرهێنان و بازرگانی و گەشەپێدان دەکرێت، ئەمە جیا لە تاوتوێکردنی دواین گەلانکاریییەکانی عێراق و ناوچەکە."

ئاماژەی بە ئەوەیش کراوەکە "بەشداریی شاندی هەرێم، بەشکە لە هەوڵە بەردەوامەکانی سەرکی حکومەت بۆ بەشداریی چالاکانەی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان، بە ئامانجی بەهێزکردنی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان وەک فاکتەر و هاوبەشێکی کاریگەر و جێی متمانە لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا."